# لەشاعیرە ناوونبوەکانی کورد

محمد صالح عبدالکریم



ـ ئەم شاعیرە ناوی [ مەلا محەممەد ئەمین ] ی دێلێژەیی یەو کوڕی مەلا محەممەدی کوڕی مەلا مستەفای کوڕی مەلا محەممەدی میرحەسەنی میرە کۆستەبووەو لە تیرەی شێخ سمایلیە ...

ـ باوکی شاعیر کە خەلیفەی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ بووە بە گوێرەی ئەو نامەیەی کە حاجی کاکەئەحمەد بە مۆری خۆی ناردویەتی بۆ دێلێژەبووە بە ئیمامی دێلێژە ، بەڵام بەداخەوە نامەکە بەرواری پێوە نی یە .

ـ شاعیر لە سالی ۱۳۰۷ ی کۆچیدا کە بەرانبەری سالی ۱۸۸۷ ی زاین ئەکات هاتۆتە دنیاوە .

ـ خوێندنی شاعیر .. لە تەمەنی (۸) سالی تا ۱۰ ـ ۱۲ سالی لە خزمەت باوکیابووەو لە دواییدا ئەمیش وەکو هەموو مەلاو زاناکانی ئەو سەروەدەمەو لە پێناوی تەاووکردنی خوێندندا ئەم شارو ئەوو شار کەوتۆتە گەڕان ... سالێك لە ( قەلاسورە )ی ناوچەی قەرەداغ بووە لە خزمەت مەلا عەبدوللای تەنگی سەرداو سالێك دووانیش لە ( بیارە ) لە خزمەت مەلاقادری کانی کەوەیی دا بوەو ئینجا نزیکەی سالێك یان زیاتریش لە ( قەرەداغ ) لە خزمەت شێخ نجیبی قەرەداغیدا بووەو ئینجا هاتوەتەوە بۆ دێلیژەو ماوەیەکیش لای باوکی ماتەوەوو چوە بۆ کوردستانی ئێران بۆ خزمەت مەلا کاکەحمەی (ناری) لە دێی ( بێلوو ) پاش ماوەیەك هاتەوە بۆ دێلیژەو

باووکی ژنی بۆهێنا ، لە دەوربەری گرانیەکەدا باوکی ئەمرێ و ئەچێتە جێی باوکی تا لە سالی ۱۳۵۳ ی کۆچیدا فەرمانی خوای بەجێ هێناوە ... دیارە خولیای شاعیریەتی لەو کاتەدا بووە کە لە خزمەت مەلا کاکەحمەدا بووە ... شیعری بەکێش و سەروایەکی ڕێکوپێکو کوردیەکی پەتی جوان ووتوە لە چاو شاعیرانی تری ئەو زەمانەیەدا ...

لە پێشدا نازناوی شاعیریەتی ( معصوم ) بووەو لە دواییدا کردویەتی بە ( عاصی ) .

ئەمەش نمونەیەکە لە شیعرەکانی :

دەمی هیجرانە ڕۆژی شینە ئەمڕۆ
ئەوی شایستەبێ نالینە ئەمڕۆ
کە چونکە خوانە خواستە یاری جانی
خەیالی هیجرەتو ڕۆیینە ئەمڕۆ
دەڕێژێ هەردو چاوم خوێن بە خوڕژم
وەك ئەلوەند دامەنم ڕەنگینە ئەمڕۆ
بلیسەی ئاگری ئاهو هەناسەم
گڕی بەردایە تەختی سینە ئەمڕۆ
قیامی کرد قیامەت وەرنە بۆچی
لە صبحا ڕۆژ ئەوەندە شینە ئەمڕۆ
تەماشاکە فەلەك خانەی بروخێ
لەگەڵ من چەند بە بغضو قینە ئەمڕۆ
لە دەس ئەم چەرخە کۆنەو خو خراپە
لەسەر ( معصوم ) بەلا بارینە ئەمڕۆ

(۱) بەسەر هاتو ژیانو کۆمەڵێك شیعری تری شاعیر ... لە مامۆستای بەڕێز شێخ اسماعیل دێلیژەیی م وەرگرتوەو ... نیازیشم وایە لە چاپیان بدەم لە نامیلکەیەکدا تکام بۆ خوێندەرانی بەڕێز ئەوەیە چی ئاگاری و شتیان هەیە بۆم بنێرن و لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا ..